# ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی یان چەتری جەهالەت

**حسێن ئەحمەد**

**فرەنسا**



یەکێک لەکارەکانی ڕۆژنامەنوسی و ڕۆژنامەگەری لەدونیادا بریتییە لە بەدواداچونی ئەسڵ و ڕوداو و زەق کردنەوەی قەڵەمی جیدی ترو ڕاستەقینەترە .

کەسیستەمێکی ئۆرگانیزەکەرنایان گرێتەوە،ئەرکی ئیونیک وتۆتالیتێری کاری ڕۆژنامەگەری بیستنی ئەودەنگانەن کەلەدوورەوەدێن، خوێندنەوەی ئەودێڕانەن کەلەمەسافەیەکی جیدیتردائەنوسرێن، جیاکردنەوەی فەزاودەنگ وبینینی ئاستی هۆشیاری ئەودەقانەن کەبەنغمەیەکی تر بەرگوێمان دەکەون.کاری ڕۆژنامە گەری دروستکردنی سەنتەری لێکۆڵینەوە یە لەوتێکستانەی لەدەرەوەی فەوزاو موخاتەبەکردنی سایکۆلۆژی یەکتربەرهەم دێن.دروستکردنی شێوازێکی تر بۆڕاڤەکردن و بەڕاستی هێنانەبەرهەمی سیستەمێکی دیالۆگ لەگەڵ سەرجەمی ئەودەقانەی دەگەنەدەستی لیژنەی خوێندنەوەی تێکستەکان.گرفتی سەرەکی ئەوەیە دامودەزگاکانی کاروباری ڕۆژنامەگەری پڕبۆتەوەبەخەڵکانێک کەتەنها ڕۆشنبیرو ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنوس نین ،چونکەهەمووماں دەزانین ڕۆشنبیری کوردی هێشتا لەدایک نەبووە.هێشتا هۆشیارییەکی کامڵ وسیستیماتیزەکراو دروست نەبووە تالێکۆڵینەوە لەو نوسین و تێکست و دەقانەی دەگەنەدەستی ڕۆژنەماکان و ڕۆشنبیرە کوێرەکانی ناو ئەو دەسگایانەی بەعوقدەی سایکۆلۆژی و بەغەریزەیەکی بەرزەمنەوە لەگەڵ دەقەکاندا دەکەونە کوشت وکوشتار بەرهەم بێنن.داخێکی کوشندەیە ئەگەر ببینین ڕۆژنامەکان بەمەترەکاری لەسەر چەندقەڵەمێکی دیاری کراوتاپۆکراون.خەمێکی قوڵە لەڕاستیدا ئەگەربەئاشکراوبێ پێچ و پەنا ببینین گۆڤاروشاشەکانی تیڤی و ستۆدیۆکانی ڕادیۆ و لاپەڕەپان و بەرینەکانی ڕۆژنامە بونەتەجێگای هەندێک قەڵەمی نەخۆش، ببێتەسەنتەری ئەونوسەرەخاوەن حەقانەی ناو ڕۆشنبیری کوردی کەغەیری دەق و فیکرو مەعریفە هەموبەد نوسی وبەد بیری و بەدبینییەکی نازانستی و فە وزایەکی گەورەشیان خولقاندووەلە{باوەڕهێنان بەمەعریفە}،لەکاتێکابەئاشکراهەستدەکەیت ئەم فەزایەی ناونراوە ڕۆشنبیریلای ئێمە بەدیۆێکی تری بابەتی حیزبی و سیاسییەکەدا بۆتەوەبەهەمان دیکتاتتۆر.{فۆکۆ} جوانی نوسیبوولەوەڵامی ئەو ڕۆژنامەنوسە ئیتاڵییەدا کەلەسەردیموکراسی پرسیاری لێکردبوو کەدەبێت چی پێبێت بۆدونیای ئەمڕۆئەو وتی:{ ئایندەی فاشییەت دیموکراسییەت بوو} ئەم خەمە قوڵە ڕۆژانەلەدونیای ئێمەداخۆی بڵاودەکاتەوە،نەخشەکانی هەموو ئەو سەنتەرانەی ئەکرێنەوە کەناویان لەخۆیان ناوە بۆنمونە{ئاڵای ئازادی} لەکاتێکدا بەهەموومانایەک ئەیەوێت دەرگادابخات لەسەرقەڵەم وپەنجەرەکانی بیرکردنەوە بزمارڕێژکات. ئەیەوێت ئەوەبسەلمێنێت کەغەیری ئەوچەند قەڵەمەنەخۆش و موراهیق وموعەقەدانەی کەخۆیان بەجیدی باوەڕیان هێناوە بەقودرەتی بیرکردنەوەیان باوەڕیان هێناوە بەهێزی داهێنان لەلایان وەک ئیلتیزام بەو پەیمانە ئەخلاقییەی پێشتر بۆیەکیان بەرهەم هێناوە.

ئەوەی ئەم چەنددێڕەی پێنوسیم ئەوبانگەوازە سامناکەبوو لەژمارەی نوێی ڕۆژنامەی {ئاڵای ئازادیدا } بڵاوکرایەوە { کەبەهۆی ناردنی دەق و شیعری زۆر لەلایەن شاعیرانەوە بڕیارمانداشیعرو نوسینی کەس بڵاونەکەینەوە تەنها

ئەوانە نەبێت کەخۆمان پە یوەندیان پێوەدەکەین} لەڕاستیدا ئەوەزەنگێکی ترسناک بوو. ئەوەی پتریش دەمان ترسێنێت ئەوخواست وباوەڕەکورت بین وبەدفەڕەیە کە لەپشتی ئەم بانگەوازەی ئاڵای ئازادییەوە کاردەکات، وەک ئەوەی پێشوەخت ئەونوسەرانەی {ئاڵای ئازادی} لەسەردێڕبەدێڕو جومگەبەجومگەی دەقەکان وەستابن و بەمیتۆدێکی ڕەخنەگرانەی خاڵس پرۆژەی ئەنالیزەکردنی دەقیان خستبێتەکار،لێرەوەگەشتونەتەدەرەنجامی ئەوەی کێ ڕۆشنبیرەوکێ نا؟کێ شاعیرەوکێش نا؟هەڵبەت هەمووخوێندنەوەیەکی پێش وەخت بۆدەق و تێکستەنوسراوەکان بەبێ نەبوونی میتۆدێکی ئەنالیزەکردن بۆدەق هەرلەسەرەتاوە بێمانایە، هەڵبەت گومانیشم لەوەنییەبەدرێژایی مێژووی ئەوشتەی ناوی لێنراوە ڕۆشنبیری کوردی کۆماڵەپەیمان وعەقدو واجبێکی ئەخلاقی لەنێوان نوخبەیەک لەقەڵام بەدەستان و بەناو ڕۆژنامە نوساندا بەخووین ئیمزاکراوە.بۆیە سانایيە بەدەیان قەڵەمی کوێرو بەسەدان عەقڵی تاریک و بەهەزاران دەنگی خەڵەفاو بەناوی مەعریفەو فیکرو ئەدەبەوە بەناوی تازەگەری وپرۆسەی نوێ خوازییەوە بڕژێنەناو کەناڵەکانی تیڤی و ستۆدیۆکانی ڕادیۆ و لاپەڕەپان وبەریناکەنی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە .

لێرەوەئەوپیمانەبەئاشکرادەبینین کائەڵێت:تەنهائەودەنگانەدەبینین کەخۆمان ئەمانەوێت ئەوشاعیرو نوسەرانە بانگ دەکاین کەخۆمان دەیخوازین زۆرئازایانەش دەرگابەسەرئەوقەڵەم وهۆشیاری وهێزانەی تردا دەدەخەن کەدەکەونە دەرەوەی ئەم پەیمانەپێشوەخت پیرۆزکراوەی نێوان پیاوەزلەکانی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارو تیڤیەکانەوە. بەڕاست جاک درێداڕاست دەکات{هیچ شتێک لەوەسامناکتر نییەبەناوی ڕاستییەوەگەنجینەیەک درۆبەرهەم بهێنیت}

لەمەش سامناکتر ئەوەیە بەناوی نوێخوازیی وئازادی ڕادەربڕینەوە گەنجینەیەک جەهالەت بەرهەم بهێنیت .